کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:45 31-3-2007

## ئێوە خۆتان نەعامەن، یان نەعامەن؟؟!! ... بێستون محمدسالح مستەفا

نیشتمانە وێرانەکەم، مژدە.. مژدە.. لە تازەترین هەواڵی گەورەترین حوکمەتی دنیا و لە ناو یەکێك لە وەزارەتەکان کە وەزارەتی کشتوکاڵە.. بڕیاری کردنەوەی کێڵگەی "بە خێو کردنی نەعامە" درا... لە هەو لێکی بی وێنەدا بۆ پتەکردنی هەرەسی ژێر خانی ئابوری، وا چاوەڕی دەکری لە ئایندەیەکی نزیکدا لەبەر کزی بەروبومی گۆشتی وبە قەتڵ و عام کردنی هەزارا ن مەڕی خێر لە خۆ نەدیو، بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی گۆشتی سوورو بەردەوامی بازاڕ ەکانی عەرەبستان نشین (لە تازەترین ئاماردا نزیکەی 165هەزار لە برایانی مەزڵومی عەرەب ئاودیو کراون ئیتر کوردستانی چی؟؟!) پی دەچی، ئەم قیمەیە ی "ڕیاز" یەك لە تەوەرە سەرەکییەکانی لە دوا پەردەوە و لە ژێر کەوالیسەوە با س



لە بەر بڵاوی پیلان گێڕانی بەردەوام ببوورن شایی و تێکەڵاوی خوێن لە ڕێی ژن و ژنخوازییەوە تا (ڕەمزی نیزالی کوردو عەرەب) جۆش بدری و لە برگەیەکی دیدا باسی لابردنی ناوی برای سەرکردە (موعەمەر قەزافی) لەسەر یەك لە شوێنەگشتییەکانی سلێمانی لاببری، لە بەر هەڵوێستی شێتانەی برای سەرکردە لە قیمەی "ڕیاز"و بە گەوج دانانی هەردوو گەلی (فەلەستینی و ئیسرائیل) ... نەعامە ئەوەندەی زانیاری بەندە پێویستی بە شوێنی سەوزایی هەیە، ئەم گیاندارە زانیویەتی لە کوردستان (پە ن و کەتن) زۆرە زۆر خۆشحاڵانە ئاودیو کردنیان بۆ ئێرە لایان ئاسایی بووە، نەعامە ئەڵێن پەنی زۆر ئەنێتەوە و کاتێك کارێکی نا بەجی دەکا بەو لەشە گەورەو بەو ملە درێژەوە بە هێندی سەری لەنێو چاڵێکدا دەشارێتەوە، پی ی وایە کەس بەکارەکەی کە نەشیاوە نەزانیوە، بەبۆچونی سەقەتی بەندەش لەبەر خۆشی گۆشتەکەی و لەبەر ئەوەی چەوریش ناگرێتە خۆ.. بۆ خوا ن و داوەتی لەمەو لا بۆ میوانە ئازیزەکانی کوردستان و ڕازاندنەوەی سفرەی تەبایی باشترین شت "گۆشتی نەعامەیە" تا ئازیزان برۆنەوە و باس لە کەرەمی کورد و بەرێوەبەرانی بکەن...

ئاخۆ دەبی کیلۆی بە چەندبی لەو گۆشتە نەعامەیە؟؟ ئاخۆ کامە کۆمپانیا ئەم تەندەرەی پێشکەش کردووە؟ تۆ بڵی ی بەختی ئەم میللەتە کە بووینەتە بارێکی قورس بۆ ئەم نەعامە خۆرانە بکرێتەوە، یەکەم چەخماخە و بروسکەی ڕاپەرین هەلایسێنی و ئەمجارەیا ن بە سواری نەعامەوە بروسکەکانی نهێنی لێبدری و زەماوەند ساز بکەین؟؟!! هەر نەعامەمان کەم بوو... نازانم، ئێوە خۆتان نەعامەن، یان نەعامەن؟؟!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.